# دلاوەر قەرەداغی: منالّیی پێیەکی لە نێو واقیعدایە و پێیەکی تریشی لە نێو فەنتازیادا دەجولێت...

**سازدانی: کارزان عوسمان**



**لە ڕێی ئەم دیمانەیەوە شاعیرێک دەدوێنین کە هەمیشە لە شیعرەکانیدا دەمانباتەوە بەر ماڵی جوانی، ئەو یەکێکە لە دەنگە شیعرییە جوان و پڕ داهێنانەکانی دونیای شیعری کوردی، هەمیشە شتە زۆر بچوکو لە یاد کراوەکان مەودایەکی فراوانی شیعرەکانی ئەویان قۆرخ کردوە، دەیەوێ پێمان بڵێ دواجار ئەمانەش بۆ خۆیان بەشێکن لەو ژیانەی خەریکین پێوەی.**

**دلاوەر قەرەداغی، وەک هەمیشە زوبانشیرینانە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.**

پرسیار: دەکرێ بتگەڕێنمەوە بۆ منداڵیی؟ منداڵیی تۆ چۆن بوو؟ کەی هەستت کرد گەورە بوویت؟

+ ئەوەی لەمنداڵیی من، وەک زوربەی زۆری منداڵییەکانی ئێمە ماوەتەوە بریتییە لە چەند وێنەیەکی تەڵخ و ڕەش و سپی شۆردراوە بە باران، چەند وێنەیەکی درزتێبووی ڕاوەستا و لەبەر پەنجەرە و تەماشاکردنی بارینی بەفر ئەوکاتەی کە دایک دەست دەنێتە سەر سەرمان و بە پەنجە قژمان بۆ دادێنێ، بریتییە لە جیرەی کردنەوەی دەرگای هەمیشە داخراوی حەوشە و باوەشگرتنەوە بۆ ئەو هەموو دیارییەی دەرەوە هەر لە کۆڵان و چۆلەکە و بەردەوە تا ئەستێرە و تەرزە و هەتاو. بێگومان کە لە منداڵیی دەدوێین ناکرێ خۆمان لەو سیحرە ببوێرین کە چاوی منداڵ دەیدا بە دونیا. ئەوەچاوانی منداڵیین کە لەو ساتەوەختەدا دونیا جوان دەکەن و ڕوخسارێکی تری پێدەدەن. جۆرەبینێنێک کە فەنتاسیا ڕۆڵی سەرەکی لە بزواندن و بەرجەستەکردنەوەیدا دەبینێ. منداڵیی بەگشتی لەنێو دوو دۆخدا هەناسەدەدا و گەورەدەبێ، منداڵیی پێیەکی لەنێو واقیعدایەو پێیەکەی تریشی لەنێو فەنتاسیادا دەجوولێ. لەویاندا گیر دەخوا و دۆشدادەمێنێ و دەخنکێ، لەمیشیاندا دەکەوێتەگەمەو دونیا وێران دەکا و سەرلەنوێ بەگوێرەی حەزی خۆی ڕۆیدەنێ. جوانیی منداڵیی لەوێدایە کاتێ دێتە ڕووبەرێکەوە ئیدی هەموو ئەو ڕووبەرە دەکاتە موڵکی خۆی، هیچ پەراوێزێک بۆ چپەچپ و گومان و مەزەندە ناهێڵێتەوە ... منداڵیی دەڕوات بێئەوەی خەمی ئەوەی بێت چی جێدێڵێ، دەڕووخێنێ بێئەوەی خەمی ئەوەی بێ

چی لەجێگەیدا ڕۆدەنێ، منداڵیی هەمیشە مانا و جوانیی خۆی لەخۆیدایە، منداڵیی بۆیە جوانە چونکە بەتەنێ خۆی دەدوێ و گوێ لەکەس ناگری و هەموو قسەو گەمەو بێدەنگییەکان بەموڵکی خۆی دەزانێ. کاتێ ئێمە لەدەرەوەی ئەو ڕووبەرەوە لەمنداڵیی دەدوێین وەک ئەوە وایە لە فیلمێک بدوێن کە بۆمان بگێڕنەوە و خۆمان نەمانبینیبێ، وەک ئەوە وایە لە بارەی شارێکەوە بدوێن کە مامۆستا لەسەر نەخشەیەک بۆمان باس بکا و ئێمە چ ئەزموونێکی ژیانمان تیایدا نەبێ. بۆیە ناکرێ منداڵیی ببێتە یادەوەری، چونکە منداڵیی هەمیشە لێرە و لە ئێستادایە، کاتێ وەک ڕابردوو لێی دەدوێین، ئیدی دەبێتە لێدوانێک لە شکست وگەورەبوون. پێموایە شیعرنووسین بۆ خۆی هەوڵێکە بۆ هەمدیس ئەزموونکردنەوەی منداڵیی لەئێستایدا، گەر شاعیرێک، منداڵیی لەئێستایدا نەژی (کەئەوەشتێکی هاسان نییە) نابێتە شاعیری باش و شیعری جوانی بۆ نانووسرێ.

**پرسیار: بەرلەوەی منالّیی لە گفتوگۆکەمان تێپەڕێنین، ئەوکات پەیوەندی نێوان تۆ و ئەدەب چۆن بوو؟**

+ پێوەندییەکە هەر تەنها حەز و خولیایەک بوو بۆ بەخەیاڵ خۆ بەدەم ڕووباری ڕەنگ و ئەندێشەو حەکایەتەکانەوە دان و هەتا نێو قووڵایی خەون ڕۆیشتن. بە تایبەتیش ئەگەر قوتابخانەو ماڵ ئەو جێگە شیاوە نەبووبن کەباڵەکانی منداڵ تیایاندا دەکەونە باڵەفڕێی ژیان. لەدەرەوەی ئەو دوو جێگایەی کە پڕبوون لە نائومێدیی و پیریی، منداڵیی بە فەنتاسیاکانیاوە دێت و وەک جاڵجاڵۆکەیەکی بزێو و بەئەزموون جێگا و شوێنی تر بۆ پارێزگارییکردن لەخۆی و بۆ گەمە تاکەکەسییەکانی خۆی دەچنێ.




بۆیە وا دەڵێم چونکە منداڵیی من پڕە لەگەمەی تەنهاباڵ و تاکەکەسیی، پڕە لەکەسایەتی و فیگۆری خولّقێنراو، پڕەلەورتەورت و بەدەم خۆوەدووان، خۆم دەبووم بەدووان و بەسییان و بەهەزار، لەبری هەموویان بیرم دەکردەوە و لەگەڵ هەموویاندا دەمبردەوە و دەدۆڕام. ئێستایش کە لە شەوانێکی زۆر ساردا دەچمە بانیژەکە و لە کوڵان دەنۆڕم، کەسێک دەبینم دەستی ناوەتە گیرفانی و نوقڵێکی ترشوشیرینی لەزاردایە و بەژێر بەفردا دەڕوا و لەبەرخۆیەوە دەدوێ، ئاو دەزێتە زارم و بانگی دەکەم، دەزانم ئەوە خۆمم و دەمەوێ وەک جاران، وەک ئەو ساتانەی کە گەمەمان پێکەوە دەکرد، قسان بۆ یەکدی بکەین و گوێ لە یەکدی ڕادێرین و بەشەڕ بێین، وەک جاران لەهەیوانی پاییزدا دانیشین و یارییەکانمان بڵاوبکەینەوە و دونیا بەسەر یەکدیدا بدەین .

**پرسیار: کەی هەستت کرد دەتوانیت شیعر بکەیتە پەناگەیەک تا قسە نەگوتراوەکانی خۆتی تیا بنوسیتەوە؟**

+ زۆر دواتر شیعر هات. وا بزانم کاتێکیش هات کە ئیدی چ شتێک نەمابوو ناوی دڵنیایی بێت و نەیشمدەزانی و ئێستایش نازانم کە دەشێ شیعر ئەو ڕووبەرە بێ دەکری خۆی تێدا پەنا بگیرێ. من هەر لە منداڵییەوە شیعرم خۆشدەویست و زوربەی ئەو شیعرانەم ئەزبەر بوون کە شاعیرانی کورد بۆ منداڵانیان نووسیبوون، یەکێک بووم لەو قوتابییانەی قوتابخانەی شێخ سەلام کە هەموو جارێ لە پۆل و لە ڕیزدا دەهێنرامە دەرەوە و لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا شیعرم پێ دەخوێنرایەوە. لە ڕاستیدا یەکەمین بەرکەوتنی ئەفسووناوی من بەسیحری

وشە و ڕەنگ و کتێبەوە، بینین و هەڵدانەوەی پەڕەکانی کتێبی ئەلفوبێی کوردییەکەی مامۆستا ئیبراهیم باڵدار بوو. بیرمە یەکەمین شتێک کە لەو کتێبەدا حاڵی لێهێنام و خەیاڵمی بزوواند، بۆنی لاپەڕەکانی کتێبەکە و پاشان وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی بوو، ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێت گەر پێت بڵێم بۆنی ئەو کتێبە بوو کە لەو بەرایی عومرەدا کتێبی لا خۆشەویست کردم و خستمییە سەر کەڵکەڵەی ئەو بڕوایەی کە گەر گەنجینەیەک هەبێ بزر بووبێ و بکرێ بیدۆزمەوە ئەوا دەبێ لەم دارستانی ڕەنگاوڕەنگ و بۆنخۆشی کتێبەدا بەدوایدا بگەڕێم. وێنەکانی کتێبەکە هەر یەکەیان بۆ خۆی حەکایەتێک بوون کە کۆتاییان نەبوو، هەموو جارێک بە سەعات بەدیار وێنەیەکییەوە ڕادەمام و لەزەینی خۆدا دەچوومە ناو وێنەکەوەو ڕووداوم دروست دەکرد و دەبوومە یەکێک لە کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکە. ئیدی چ پێویستم بەوە نەبوو خوێندنەوە فێر بم تا کتێبەکە بخوێنمەوە، بەڵکو من پێشتر هەموو کتێبەکەم لەزەینی خۆدا بەوێنە خوێندبۆوە و حەکایەتەکانیم چنیبوون و هەزاران پەڕ و باڵی ڕەنگاوڕەنگم پێدا کردبوون. دواتر کەفێری خوێندنەوە بووم، یەکەمین شتێک لەو کتێبەدا خەیاڵی بزواندم و هێندەی تری لا خۆشەویست کردم ناوی دانەرەکەی بوو، ناوێک بوو ڕێک لەگەڵ ئەو یارییانەی خەیاڵدا دەگونجا کە من لە وێنەکانی ئەو کتێبەدا جێگەم دەکردەوە. هەزاران وێنەی جیایای ئەو پیاوە گەورە باڵدارەم لەزەینی خۆدا دەنەخشان و چیرۆکەکانمی پڕ لەئاسمان و دارستان و فڕین دەکرد. من ئێستایش کەئەو کتێبە دەبینم، ناتوانم لەقووڵاییڕا ڕانەچڵەکم و منداڵیم بەهەموو حەز و خەون و شەرم و تەنیاییەکانییەوە تێدا نەژێتەوە.

**پرسیار: هەمیشە تۆ شتە زۆر بچووک و لەیادکراوەکان دێنیتە ناو شیعرەکانت، ئەمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە کات و سەردەمی خۆیدا ( کە ڕەنگە منداڵی بێت) تینوێتیت لێیان نەشکابێ؟ یان بۆ خۆی ئەمە وەزیفەی شیعرە؟**

+ ڕەنگە ئەوە تەرزەهەوڵ و خولیا و ئیشکردنێک بێ بۆ لەسەرکردنەوەی ژیان، بۆ مۆرکردنی پەیمانێکی تر لەگەڵ ئەو شتانەدا کە لە دونیای ئێمە کراونەتە دەرەوە و بوون بەژێر هەژموونی سیاسەت و ئایدیا و ڕوانینە کورتمەودا و تاکڕەهەندەکانەوە. سەرنج بدە کە شتە گەورە و لەبەرچاوەکان لە دونیا و لە ئەدەبیاتی ئێمەدا خاوەن چ زرینگە و ڕێز و ڕیتۆریکێکن کە هەمیشە دەبێ بە شکۆوە و بە دەنگێکی گڕ گڕ بکرێن و وەک هێڵی سوور ناکرێ ببەزێنرێن و بخرێنە ژێر گومان. بۆیە پێت سەیر نەبێ کە بڕێک شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی ئێمە هێندەی لە بەیاننامەیەکی سیاسی لە کۆبوونەوەیەکی حیزبییدا نووسراو دەچن نیو هێندەی ئەوە لە ئەدەب ناچن. بەداخەوە ئەدەبیاتی ئێمە لە هەندێک لەحزەیدا پێدەچێ ڕێکەوتنێکی ژێربەژێر و دڵڕەقانەی لەگەڵ سیاسی و گەورەبازرگان و پاشاکاندا هەبێ. من ڕاموایە شیعر واتە ئیشکردن و جووڵەی بەردەوام لەناو ژیان و زینوویێتییدا، شیعر دەبێ پڕ بێت لەو شتە زیندووانەی کە بەچاوی ئاسایی نابینرێن و لێوڕێژ بێت لەو دەنگانەی کە بەگوێی ئاسایی نابیسترێن. گەر بلوێ باسی ئەرکی شیعر بکەین، ئەوا شیعر تاقە ئەرکێکی لەسەر شانە ئەویش ڕەخساندنی ئەتمۆسفێرێکی دی و مەزاجێکی ترە بۆ ڕوانین لەژیان.

**پرسیار: تا چەند پێتوایە ئەمڕۆ ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەتی بەو ئاڕاستەیە ئیش دەکات کە خۆت باست کرد؟ بە تایبەت نەوەی دوای نەوەدەکان لەخوێندنەوەی ئێوەدا چۆنن؟ ئایا توانیویانە دەنگێک بن جیاواز لە نەوەی پێش خۆیان و دونیابینیەکی نوێیان هەبێت؟**

+ لەڕاستیدا وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەهەروا بەشێوەیەکی ڕاگوزەری شتێکی زەحمەتە، بەڵام ئەوەی گومانی

تێدا نییە ئەوەیە کە هەر قۆناغ و نەوەیەک خاوەن داهێنەر و ساتەوەختی داهێنەرانەی خۆیەتی. هەر داهێنەرێکیش درێژکراوەی ساتەوەختێکی تری داهێنەرانەیە. کەسی داهێنەر بەزەمەندا دێت و دەروازەی نوێ بۆ خەیاڵ و دەربڕین، بۆ چوونەوە نێو ژیان دەکاتەوە، کەسی داهێنەر بەزۆریی وەک کەسێکی غەریب دێت و کاتێکیش دێت کە هەموو دەرگاکان داخراین و تاریکیی باڵی بەسەر ژیاندا کێشابێ. دیارە لەمەدا گرفتێکیش هەیە بەوەی کە چەمکی نوێگەریی یان با بڵێین نوێکردنەوەی ئەو چاوەی کە دەڕوانێتە دونیا، ئەدەب تەنها باڵ دەرەقەتی نایە و ناتوانێ لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا پراکتیزەی بکات. ڕاستە کاریگەریی بەسەر ڕووبەرێکی دیاریکراوەوە جێدێڵێت، بەڵام ئەو گورەی نییە کە بە ڕایەڵەکانی سەراپای کۆمەڵگەدا ڕۆبچێ و گۆڕانکاری ریشەیی بهێنێتەدی. گەر لەپرسیارەکەی ئێوە دوور نەکەومەوە، بە گشتیێ لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی ئەدەبیی ئێمەدا، وەک قۆناخەکانی ژیانی ئەدەبی هەموو گەلانی دونیا جۆرێک لەفەوزا و ژاوەژاو و قەرەباڵخی هەبووە و تاکوتەراش دەنگی جیدیی و داهێنەر. بەڵام هیچکام لەو قۆناخانە بەرای من هێندەی قۆناخی نەوەدەکان و تا ئێستایش جەنجاڵ و پڕ لە هەراوزەنا نەبوون و لە هیچ کامیشیاندا هێندەی قۆناخی نەوەدەکان زۆرترین دەقی خراپ و دەقی جوان لە شیعر و چیرۆک، نەنووسراون.

**پرسیار: زۆرێک لەو جیلەی ئێوە لە سەردەمی گەنجێتیاندا خەریکی سیاسەت بوون، من دەمەوێ بپرسم ئایا تۆ هیچ بەشدارییەکی سیاسی و شۆڕشگێڕیت هەبووە؟**

+ من خاوەن هیچ چالاکیی و بەشدارییەکی سیاسیی و شۆڕشگێڕیی نەبووم. یەک دوو جار لەقۆناغی ئامادەییدا بەشداری خۆپیشاندانم کرد دژی بڕیاری کردنی خوێندن بەعەرەبیی. جۆرە چێژێک لەو خۆپیشاندانانەدا هەبوو، بەتایبەتی کەبەکۆمەڵ نەدەچووینەوە بۆ قوتابخانە و بە جاددەکاندا دەگەڕاین و باران و هەتاو لێی دەداین. لە ساڵانی هەشتاشدا چ بەناوی خۆم و چ بەناوی خوازراوەوە بابەتم لەگۆڤار و بڵاوکراوەکانی شاخدا چاپ بوون، بەڵام بابەتەکان شۆڕشگێڕیی نەبوون و دەکرا لەڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ناوەوەش بڵاویان بکەمەوە.

**پرسیار: لەم شارەدا کە پڕە لە ڕێکخراوی خێرخواز و منداڵپارێز و....چی و چی، نەیانتوانی بە دەردی (کۆڤان) دا ڕابگەن، تا دواجار کەوتە نێو مشتی مەرگەوە، بەڵام تۆ لە دونیای شیعرەکانتا کوخێکت دایە تا بۆ ئەبەد تێیدا بژی.. چی وای کرد تۆ لە شیعرێکدا ئاوڕ لە مەرگی (کۆڤان) بدەیتەوە؟ لەکاتێکدا دەبوو پێش تۆ دەسەڵات ئاوڕیان لە ژیانی کۆڤان بدایاتەوە؟**

+ مردنی کۆڤان یەکێک بوو لەو هەواڵە دڵتەزێنانەی کە لە ڕۆژنامەیەکدا خوێندمەوە و لەقووڵاییمرا گریاندمی و دواتر لە قاڵبی ئەو شیعرەدا دەرمبڕی. مردنی کۆڤان بەداخەوە یەکێکە لەو سەدان ڕووداوانەی کەرۆژانە و بەشێوەی جۆراوجۆر لە وڵاتی خۆمان و لەزۆربەی شوێنەکانی دونیادا منداڵ تیایاندا دەبنە قوربانیی. هەر لەشەڕ و برسێتیی و نەخۆشیی و هەژارییەوە تا دەسدرێژیی و بەکۆیلەکردن و بازرگانی پێوەکردن. ڕاستە لەلای خۆمان زۆر ڕێکخراو و سەنتەری منداڵان هەن و تا ڕادەیەک خاوەن چالاکیین و خەڵکانێکی دڵسۆزیش هەن کەخەمی ئەو مەسەلەیە دەخۆن، بەڵام ئەو هەوڵانە زیاتر تاکەکەسی و خەمخۆرانەن. کارکردن لەو بوارەدا بەرنامەی ورد و درێژخایەن و خەڵکانی پسپۆڕی دەوێت هەر لەداڕشتنی بنەما و میتۆدی پیداگۆگیی نوێوە تا ئاڵوگۆڕپێکردنی ستروکتۆری ڕوانینی کۆمەڵگە بۆ منداڵ. بەهەرحاڵ شیعری کۆڤان بەشدارییەکی بچکۆلانەیە بۆ

دەربڕینی غەمێکی قووڵ.

**تێبینی/ ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارە(410)ی ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوکراوەتەوە.**